بەرزان هەستیار

# پیر ئەبین، کەسەکەم

شیعر

2016

ناوی کتێب: پیر ئەبین کەسەکەم

بابەت: شیعر

نوسینی: بەرزان هەستیار

فۆتۆی بەرگ: رێبەر نەجم

دیزاین: بازیان جەلال

تیراژ: ٥٠٠ دانە

چاپ: چاپخانەی کارۆ ٢٠١٦

پێشکەشە بە:

* هەر کەسێک لە ساتێک لە ساتەکانی ژیانما بێمەبەست لە منەوە پرِیشکی ئازارێکی بەرکەوتبێ.

* وەک هەمیشە بە رِۆحی "دایکم" و گشت ئەو هەناسە فێنکانەی لە گولاَوی میهرەبانییان بێبەش بووم.

# دیسان بارانە

باران، بە تیشێرتێكی سپییەوە دێت و

بە پاڵتۆیەكی بۆرەوە ئەچمە پێشوازیی!!

* * *

باران زمانی تەڕ كرد و

برینەكانی لێسامەوە

* * *

باران پێی وتم:

زرنگەی پاوانەكانی مردن ،.....

هەندێ جار لە دەنگی بەربوونەوەی من خۆشترە

* * *

باران سەری کرد بە ژوورەکەمدا....

کە چرا نەخۆش و زۆپا خەواڵووەکەمی بینی.....

شەرمی کرد خۆی گەرم کاتەوە!!

* * *

باران ئەباریٚ نم..نم و تاو.. تاو؛

نم..نم،...

بەرامە لە خۆڵی ئەندێشەم  هەڵئەسێنێ و

تاو..تاو،...

وەک جلەسەگ ئەمشواتەوە

* * *

باران وەک کۆڵکێش،...

هەموو دڵۆپە قورسەکانی دێنێ و

مایەپووچ.. مایەپووچ ئەگەڕێتەوە

* * *



باران بە سواری پاسکیلێکی شکاوەوە هات،....

کە گەشتەلام، ڕەنگی بە جۆرێ پەڕیبوو،

بەفریش نەیئەناسییەوە

* * *

دیسان بارانە؛

دڵۆپەکانی،کریستاڵی خەونی گەورەکچێکن و پەرش ئەبن

* * *

باران قوڕم بۆ خۆش ئەکا و

منیش لە ڕووخساری بێزاریی هەڵئەسووم

* * *

بەر نەفرەتی باران کەوتووم

بۆیە گوڵێکم تیا شین نابێ

* * *

نازانم بۆ بە بارانەوە گرتوومە!؟

ڕەنگە شێتییەکی تازە بێ!

* * *

غەرقمکە لە خۆت، باران،

بوار بۆ وەسێتێکی کورتیشم مەهێڵەرەوە

نەوەک شتێکی قۆڕ بڵێم!!

* * *

کەمێک جڵەوم  بۆ شل کە،....

هەموو ئیعتیرافێکت بۆ ئەکەم ، باران

* * *

وەرە دەستبازیی بکەین،

تۆ، پەلی من ڕابکێشە و

بمبەرە ناو تەڕبوونەوە،

منیش پەلکێشت ئەکەم بۆ بەر هەتاو، باران!

* * *

چەند جوان دەستی «دڵۆپ»ەکانت گرتووە

لەوە ئەچێ، بیانبەیت چەتریان بۆ بکڕیت، باران!!!

* * *



لەتاو گەرما،...

لە چۆمەکاندا خۆی ئەشوات، باران

لەتاو سەرما...

دێتە نێو لەپی دەستمەوە، باران

* * *

لە غەریبییدا هەڵناکا

بۆیە هەر لەگەڵ باڵق بوو

ئەگەڕێتەوە ماڵەباوانی، باران

* * *

باران، باران، باران؛

باران، میهری خودا لە چاوی دایکما

باران، ناوی ئەو کچەم،کە نیمە

باران، ئەو شیعرەی لە ئەزەلەوە بۆ ئەبەد درێژ ئەبێتەوە

**شوباتی ٢٠١٣**

**ئەڵمانیا/ کۆڵن**

# پیاوکوژ

کوشتنێک کوژرام،

نە خوێن دیار بوو، نە جێدەست

* * *

تاوانبارێک،...

تا ئەبەد، کەس شوێنپێی هەڵناگرێ،

ئەوە خۆمم!!!

* * *

شەقێکم لە دەرگای حەوشەکەم هەڵدا،....



خوێنێکی مەییو،....

ماندوو.. ماندوو لێی کردمەوە،

لەوە ئەچوو خوێنی چاوەڕوانیی بێ

* * *

نیوەی ڕۆحم وەک بەرتیل دا بە شەیتان

تا چاو لە نیوەکەی تری غافڵ کات!!

* * *

هەموو شتەکانم لێ تێکەڵ بوون،

خۆم و ئەویش!!

* * *

بە یادی ئەو، گوڵەکان ئاو ئەدەم و

خۆم گەرووم بووە بە پەڵاس

* * *

ژێر ستیان و

نووکی پەنجەکانی قاچی.....

سەرەتا و کۆتایی دنیان؛

سەرەتای بێکۆتایی دنیان!!!

له چی ئەچم كه بێ ئەو ئەبم!؟

فرۆكەوانێک کەوتبێتە خاکی دوژمنەوە

✷ ✷ ✷

خوێنم لەسەر سەد قوڵپ ئەدا،

خوێنم زمانی گیر ئەبێ،....

له چاوەڕوانیی و

نەهاتنی ئەودا

✷ ✷ ✷

که ڕۆیشتی،....

بڕوا ناکەم بە پێکەنینێکەوە بڵێی:

کاکی شاعیر، شیعر لە بەتاڵیی باشترە!!!!

✷ ✷ ✷

بە خێرایی تیشک کشاین،

ئەو بۆ خۆرهەڵات و

من خۆرئاوا!

✷ ✷ ✷



وەڵامی هیچ پرسیارێک.....

دەنکە شقارتەیەکی سووتاویش ناهێنێ،....

کە خۆم لە خۆما گرێکوێرە بم

✷ ✷ ✷

گەورەترین گوناهم ئەوەیە....

لە بێگوناهییت نەگەشتم

✷ ✷ ✷

دڵم نایەت بمرم،....

نەوەک کەسێک غەمگین کەم

✷ ✷ ✷

تولەڕێیەک مینرێژ ئەکەم....

سەفەری کەسی بەسەرەوە نەبێ

خۆ من هیچ شتێ شک نابەم،

لە داخا ئەبمە پیاوکوژ !!!

**مایس و حوزەیرانی ٢٠١٢**

**ئەڵمانیا/ کۆڵن**

# ڕاڤە

هەموو تاڵەکانی قژم ،یەک لە دوای یەک....

وەک دزی بێ ئەزموون،...

"دوودڵیی" سەربەرەو خوار هەڵیان ئەبڕێ

* * *

چاوم لە تانجی خێراتر بە دەشتەکانی وەحشەتا فڕکەی دێ

* * *

لێوەکانم لە ئۆتۆمبێلێک ئەچن....

لەسەر دووسەد خۆی کێشابێ بە دیوارێکی ئاسندا....



کە لێرە ناتبینم، شتێکت بۆ باس بکەم

* * *

زمانم لە نووکی پێڵاوەکانم ئەخشێ....

ئەوەندە درۆی سپیم بۆ کردووی!!

زرم ؛ دڵم بەربۆوە،....

خوێنێک فیچقەی کرد،

وەک غەمگینیی خۆم، ڕووخۆش

* * *

ئەم دوو دارتێلە خوێڕییەی دەستەکانم،

گڵۆپی یەکتر ئەشکێنن....

بۆ ئەوەی بە دزیی یەکەوە، شەو بێنە ژێر کراسەکەت

* * *

ئەگەر ئەم قاچانە هی خۆم بوونایە....

کوێستانی ئەو دۆزەخەی تۆیان چۆڵ نەئەکرد!!

تەمووزی ٢٠١٢

ئەڵمانیا-کۆڵن

# دووریان

دواجار ئەنووسم....

مردن بۆ گوڵی ئومێدە ساختەکان و

سەرشۆڕییش بۆ درەختەکانی خۆشباوەڕیی

* * *

مردن بەو هەیبەتەی خۆیەوە

لە هەموو شتێ بێقیمەتترە،...

کەس نییە دەستی نەکەوێ!!!

* * *



سواری گای هار ئەبم،....

بە پشتی کیسەڵ سەفەر ئەکەم، بۆ دوور.. دوور

ژیان ئەبێ وا بێ، وا!!

* * *

شۆڕەژنێک پێی وتم،....

تۆ و مردن دارمێوێکن،.....

بەسەر یەک کەپرا شۆڕبوونەتەوە

وتم بۆ؟؟؟

وتی چووزانم، دەبەنگ!!

* * *

ژیان لە شتێکی سەیر ئەچێ،

شتە سەیرەکان کتومت ئەڵێی ژیانن!!

* * *

ئەمەوێ لە شتێک بدوێم،.....

بە تاڵێک لە قژی مردن و

تەڵێک لە وەنەوشەی ژیان هەڵواسرابێ!!!!!

لە کردەوەیەکی خۆکوژییدا،.....

دڵم لە سارایەکدا خۆی تەقاندەوە و

سەدان «بێدەنگیی» بوونە قوربانیی!

لە کورتەی هەواڵەکانا...

درێژترین سەفەریان،...

بە ناو زێرابەکانی مردنا پێکردم

* * *

لەملاوە سڵاوێک لە ژیان و

لەولاوە، نیوەڕۆیەک خۆم ئەکەم بە ماڵی مردنا،

هەردووکیان بە جاسووسم تێئەگەن

* * *

سەد فرسەخ لە مردن  دوور ئەکەومەوە و

بێئەوەی پێم بڵێ،.....

"نوقتە" یەک، ئەمهێنێتەوە سەری دێڕ

* * *



تاقەتی هیچیشم نەبێ....

سەرەتەقێیەک لەگەڵ ژیانا هەر ئەکەم

* * *

حەزم لە گۆرانییەکی بێدەنگە،...

مەرگێکی چەنەباز ڕاوبنێ

* * *

بەو کڵپەی پێکەنینە.....

ئاو دائەگیرسێ و

مردن ئەکوژێتەوە

* * *

لە کوێ فریای ئەو هەموو پلانە...

بۆ ئەم ئاشووبەی ژیان ئەکەوم!!!

* * *

مردنێک لە ناخما هەناسە ئەدا،

مردنێک بە ڕەنگی ئاو!!!

**تەمووزی ٢٠١٢**

**ئەڵمانیا-کۆڵن**

# نامەیەک بە ڕەنگی "با"

پیر بووم، پیر، دایە

ئەترسم، دایە، ئەترسم،

ئەگریم، دایە گیان، ئەگریم؛

تۆ ، ئەو خەنجەرە  نابینیت لە دڵما ڕاکشاوە؟

ئەو کفنە چاو ناکەیت ، لە ئێستاوە کراوەتە بەرم؟

هەستم پێناکەیت چ ڕووخانێک تەخت و تاراجی تێکداوم؟

بەم هەموو پیرییەوە...

مەگەر بۆنی  فەقیانەی کراسەکەی تۆ پشتم ڕاست کاتەوە



بەم هەموو ترسەوە...

مەگەر نزاری ژێر عەباکەی تۆ هێمنم کاتەوە

بەم فرمێسکانەوە....

مەگەر بۆنگوڵاوی پێڵاوەکانی تۆ ژێرم کاتەوە

بەم زامە قووڵەوە...

مەگەر دارعاسای کێلی گۆڕەکەت بمخاتەوە سەر پێ

بیرت ئەکەم دایە، تۆ بیرم مەکە

خۆشمئەوێیت دایە، تۆ خۆشتنەوێم؛.

ئەخنکێم، دایە، ئەخنکێم،....

تۆ، بۆ خۆت هەناسە بدە،

ئەسووتێم دایە، ئەسووتێم،....

تۆ، باوەشێنی برینەکانی خۆت بکە

خەجاڵەتم، دایە، خەجاڵەتم،....

تۆ،گوێ بە ڕووزەردییم مەدە

تاساوم دایە، تاساوم،.....

خۆتم پێوە سەرقاڵ مەکە؛

وەک تەنەکەی خۆڵ وام،.....

بەڵام بۆگەنی مردن گێژیداوم، دایە

ئەڵێی مەرکانەی شکاوم،.....

بەڵام بە حەسرەت هەیوان و حەوشەیماڵم ڕەنگ کردووە،

ئەها لەگەڵ ئاسمانیشا ئەڵێی جمکم و

کەچی بە دوو قسەی خۆشی باران ئەمخەڵەتێنێ

تۆ خۆت سەغڵەت مەکە، دایە

خەتابار خۆمم،....

کە وەک مێش لە گەزۆی تاڵی ژیان ئاڵاوم

گوناهبار خۆمم،...

لە بیابانەکانی تاعووندا.....

بە دوای ژەهری بەختەوەرییدا ئەگەڕێم؛

ئەزانیت دایە، هەر کە مردن لە ماندوێتیی خۆیدا....

سەر ئەنێت بە لای سەرمەوە،...

ئیتر بلۆکێک بە ساغیی بە دیواری ڕۆحمەوە نامێنێ،

چۆلەکەیەک بیر لەوە ناکاتەوە ببێتە هاوسێم،



خونچەیەک زات ناکات لە باخەکەمدا سەر هەڵبڕێت و

پشیلەیەک ناوێرێ لە حەوشەکەمدا بمیاوێنێ

زەنگی دەرگاکەم «پەتا» یەکی قورس ئەیگرێ و

کتێبخانەکەشم ئیدی ئەبێت بە دارشەق ڕێ بکات؛

دایە تۆ فریا نەکەوتی....

پشکۆی دوا دێڕی وەسێتنامەکەم ببینی:

«مەرگی من باران تەڕتر ئەکات، بەفر سپیتر»؛

ئەمرم، دایە گیان، ئەمرم،.....

بەڵام تۆ چاوەڕێم مەکە

نۆڤێمبەر و دیسەمبەری ٢٠١٢

ئەڵمانیا/ کۆلن

# پیر ئەبین، کەسەکەم

پیر ئەبم و
هێندەی پشیلەیەکی لاوازم ئەمێنێتەوە ،
لە شەقامێکی شلۆقا ،گۆچانەکەم لێئەکەوێ ،
تۆ دێی، بە میهرێکی غەمگینەوە....
بۆم هەڵئەگریتەوە، کەسەکەم

* * *

پیر ئەبیت و
هێندەی مامزێکت ئەمێنێتەوە



بە تەنیشتما گوزەرئەکەی،....
بە بۆنی «میسک»دا ئەتناسمەوە، کەسەکەم

* * *

پیر ئەبم و
چاویلکەکەم تەڵخ و ڕەش.. ڕەش؛
ڕوون و سپی،.....
سپی..سپی تۆ ئەبینمەوە ،کەسەکەم

* * *

پیر ئەبیت و
چاویلکەکەت ڕەنگی ئاوی لێئەچۆڕێ
لەبەر دەم ماڵی خۆتانا کۆتەرەدارێک ئەبینی،....
منم، دەرگاتان ئەکووتم، کەسەکەم

* * *

پیر و سەرگەردان ئەبم و
غەوارە بە ناوەکەی خۆم،
بەڵام کە ئاونگی دەنگت.....

ئەبارێتە سەر پەلکەگیای لارەملی نائومێدییم

گرۆگاڵی سەر بێشکەشم بیر دێتەوە، کەسەکەم

✵ ✵ ✵

پیر ئەبیت و

هەرچی پەپوولەی ڕەنگ هەیە دەئاڵێنە کراسەکەت

پاییزانیش پێ بنێیتە هەر باخێکەوە....

درەخت ، تەعزێی کۆستکەوتەیی خۆی ئەشکێنێ، کەسەکەم

✵ ✵ ✵

پیر ئەبم و

پێڵاوەکانم تاکەوتاک ئەکەمە پێم

شیعر بە تێکەڵوپێکەڵی ئەخوێنمەوە،

تاکە شتێ لێم تێکنەچێ.....

کۆڵانە تەنگەبەرەکانی فرمێسکە، کەسەکەم

✵ ✵ ✵

پیر ئەبیت و

بە سەلیقەوە، چنینی گوڵێک سەرقاڵت ئەکا

گوڵێک، واق وڕماو بە تەماشاکردنی پەنجەکانت، کەسەکەم



پیر ئەبم و

نەخۆشیی وەک مێرووولە سەرم تێئەکا،

دووکەڵی وڕێنە بنمیچی ژوورم سواغ ئەدا،.....

چاوی پەنجەرەکەم ئەکزێنێتەوە ، کەسەکەم

✵ ✵ ✵

پیر ئەبیت و

ژوورەکەت مێرگوزار،

پێخەفت ڕەشەڕێحانە،

پەنجەرەت کریستاڵ، کەسەکەم

✵ ✵ ✵

پیر ئەبین و

من، سەرم کەڕوو ئەگرێ، تۆ پەشمەک،

من چاوم تەم ئەگرێ، تۆ تریفە،

دڵیشمان،

ئای دڵمان، چۆڕە چۆڕ هەنگوینی لێئەتکێ، کەسەکەم

**تشرینی دووەمی ٢٠١٥**
**ئەڵمانیا/ کۆڵن**

# خەونەکەت بۆ باس نەکردم

+ سڵاو، چۆنیت؟

-دوێنی شەو لە خەیاڵما بوویت،....

کەواتە ئەمڕۆش زۆر باشم

✺ ✺ ✺

بە گەرمیی،گوێ بۆ هەموو شتێکت شل ئەکەم

ئیشم چییە، خۆ دنیا لەسەر من نەوەستاوە!

✺ ✺ ✺

ئەوەی ڕاستیی بێت....

درۆکانیشت چلچران!!!



وەرە یەکتری مەشغوول کەین

بۆ ئەوەی زەفەر لە «کات« بێنین

✺ ✺ ✺

+ بە چییەوە خەریکیت؟

ـ من ئەڵێیت؟

بە ڕەشکردنەوەی لاپەڕەیەکی سپی و

سپیکردنەوەی لاپەڕەیەکی ڕەشەوە

✺ ✺ ✺

لە هێمنترین ساتدا دڵم داخورپێنە،.....

بۆی نییە داڵغەی لە شوێنی تر بێت

✺ ✺ ✺

بڕۆیت و بێیت

بێیت و بڕۆیت،....

لای من بستێک نەجووڵاویت!

✺ ✺ ✺

تۆ لەسەر گۆڕەکەم بنووسە:

هیچی ترت نەبوو بیڵێیت؟

ناڕەحەت مەبە،

من پشکۆکانی بێدەنگیی شک ئەبەم....

هەموو ڕووبارەکانی "دووریی" پێبکوژێنمەوە!

✺ ✺ ✺

وەک ڕادیۆکەت بمکوژێنەرەوە

بەیانیی وەک سەعاتەکەت بە ئاگات دێنمەوە

✺ ✺ ✺

ئەی خۆڵ، دڵشاد مەبە بەوەی چاوم پڕ دەکەیتەوە

کەی من بە چاو "ئەو" ئەبینم؟!

✺ ✺ ✺

لە ونبوونت خۆش ئەبم،..

لە هاتنت، نا

✺ ✺ ✺



کە سەفەر ئەکەیت،...

لە عاشقترین ژنەوە ئەبیتە لێزانترین گۆڕهەڵکەن!

✺ ✺ ✺

+شەوشاد، ئەمەوێت بخەوم

- شەوشاد ،بەڵام لەبیرت چوو،....

خەونەکەتم بۆ باس بکەیت!!

**ئەوگوست وئۆکتۆبەری ٢٠١٢**
**ئەڵمانیا/ کۆلن**

# لە ئاوابوونێکەوە، بۆ ئاوابوونێکی تر

بێتاقەتییم، کوژانەوەی وێنە سادەکانی سێبەرە...
لە قرچەی هاوینێکی دڵڕەقا،
بێدەنگییم، ئەو گەوهەرەیە....
چەتەکان لێناگەڕێن لە تاقی ژوورەکەمدا بدرەوشێتەوە،
ئارامییم، خەونێکە....
لە ئەزەلەوە قەلاچۆکراو؛
سەدە بە سەدە ئەگەڕێم،....
کام سەدە لای خۆی گلم باتەوە،



کام سەدە دڵنەواییم بکا، من نەوەی ئەوم
خوای ئەکرد سەدەی تاعوون ئەبوو،
یان هی پیاوکوژان
خۆ من لەوێش بم ، نە توخنی جەنگەکان ئەکەوم و
نە بەدەمیانەوە پێئەکەنم
لەگەڵ مناڵان ئەکەومە خۆڵەپەتانێ و
بۆشم هەڵکەوێت، هەر بۆ بەزم....
تفەنگەکان پڕ ئەکەم لە فیشەکی چرووک؛
بێتاقەتییم، ڕەشکردنەوەی وێنەی سێبەر و
بێدەنگییم، گەوهەری بە تاڵانبراو و
ئارامییم، خەونێکی ژەهرخواردکراو

* * *

بەم هەموو بەرسیلەی ترسەوە لە چی ئەچم؟
بەم نێڵەنێڵی لەرزەوە چۆن ئەمبینن؟
ترس و لەرزێک،
وەکو نوقڵی ترش و شیرین

ترس و لەرزێک،

چەشنی تاتەشۆر و کفن، کەچی،....

پەلەم لەگوڵئەستێرەی بەختەوەریی نییە، هەر دێت

بەڵام کاتێ پەیدا ئەبێ،....

قۆپچەکانم، تا بینەقاقام داخستووە

قۆپچەی کراسی تەنگی، ناموورادییەکان؛

بەختەوەریی ئەو دەمە قەیتانی پێڵاوەکانی شل ئەکاتەوە،...

کە بەدەم هۆرەیەکی غەمگینەوە...

بێتاقەتییم بە زیندوویی ئەمباتە ئەوێ

بێدەنگییم، وەک پیرەمێردێکی بە ویقار لەگەڵما دێ و

بێئارامییم، چەشنی هەرزەکارێکی هەڵەشە....

شانی ڕووتی داوەتە ژێر پشتم

لەشوێنێ جێمدێڵن،...

گوێم لێیە،گۆڕهەڵکەنەکان گۆرانی «ئازیز بەهارە» ئەڵێن

لەوێ، دراوسێی دەستە ڕاستم،....

ڕەنگە پیرێژنێک، یا پیرەمێردێک بێ، لە خۆڵەمێش کپتر

دەستە چەپیشم،....



دوور نییە منالێک،....

بە دارشەقی برسێتیی هاتبێ بۆ ئێرە

لەوێ دراوسێم زۆر ئەبن

دراوسێی مۆن و

دەم بە خەندە و قسەڕەق و نەرم و نیان

لەوێش بێتاقەتیی وام لێئەکا...

بە دیواری گڵێنی ماڵەکەما هەڵزنێم و

بە هاوسێ چەنەبازەکەم بڵێم.....

ئەجری دراوسێ گرانە،......

تکایە ئەوەندە بە دەنگی بەرز بیر لە ژیان مەکەرەوە...

با، خامۆشییم دانەچڵەکێ

غەدریشم لێ مەکە و

لەوە زیاتر خۆڵ و خاشاکی بێتاقەتیی فڕێ مەدەرە حەوشەکەم

* * *

لەوێش خەو بردمییەوە،

لە خەونێکدا، یەک لە دوای یەک باوکم جگەرەی ئەکێشا؛

وتم هیچ نییە، ڕەنگە من بمرم

له خەونێکدا، چاوەڕێی شەمەندەفەرێک بووم؛
کە وەک مار فیشکەی کرد،.....
زانیم ،بێهوودەیی سەرم تێئەکا
تێگەیشتم ساتی ئاوابوونە و
من ئیتر تۆسقاڵێک جورئەت نابینمەوە....
بمخاتەوە سەر مەیلی هەناسەدان
لێرەش ساتی ئاوابوون نێڵەنێڵی دێ و
خۆر چ کارێکی بێرە نەماوە
دەنگی شەڕەتەقە دێت و
زریکەیەکی لینج حەوشەکەم خەڵتانی خوێن ئەکا
پێش هەموو کەس دایکم دێت بۆ لام
بەو هەموو غوبارەی ڕووخساری خۆیەوە.....
خەمی ڕەنگزەردیی منێتی،
بەو بێکەسییەی خۆیەوە...
سۆراخی هاوڕێکانم بۆ ئەکا
لەوێش، دایکم باوەشێنێکی گرتووە بە دەستەوە و



مەراقێتی، غەریبییم باوەشێن بکا
بە شانەیەکی (تەختە)وە...
سەروقژی ماش و برنجییم بۆ دادێنێ
دایکم بەو هەموو زامەی خۆیەوە...
دۆزەخم لەگەڵ بەش ئەکات؛
لێرەش شەڕەتەقە گەرمە و
وەلێ، ژاوەژاوی....
بێدەنگییەکی دەمهەراش کاسی کردووم؛
بۆساردی مردنێکی تر...
لووتی پڕ کردووم لە بۆکڕووزی هەراسانی؛
بەم نەغمەی هەراسانییەوە، ئیتر بۆ پێشەوە،....
لە شەکەتبوونێکەوە، بۆ شەکەتبوونێکی تر
لە ئاوابوونێکەوە، بۆ ئاوابوونێکی تر

مارتی ٢٠١٣
ئەڵمانیا/کۆڵن

## پیاوێ.....

پیاوێ بە دوامەوەیە
پیاوێ چاوم لێ غافڵ ناکا
پیاوێ لەسەر سنگم دانیشتووە
پیاوێ چاوی بڕیوەتە چاوم
پیاوێ ناهێڵێ هیچ بڵێم
پیاوێ، قسەش بکەم، دەنگم لەبەرد ئەدا؛
پیاوێ سێبەرەکەم دەرزیئاژن ئەکا،
پێکەنینم پڕ ئەکا لە خوێن،....
گریانم ئەگەشێنێتەوە



پیاوێ، بە هەردوودەست جۆگەلەی بزمار ڕائەکێشێتە بەرپێم،....
بۆن لە گوڵەکانم ئەبڕێ و
ڕەنگ ئەڕێژێتە سەر سپێتیی ڕۆحم
پیاوێکە، ئەیناسم و نایناسم
پیاوێکە، نامەوێ بیبینم و
بزربوونیشی ئافات ئەخاتە پەڵەگەنمی بەختەوەرییم
پیاوێ، ڕەوان، وەک ئاوی چاو و
پڕ گرێکوێرە، چەندی چیرۆکی هەزاران شەوەی «مردن»؛
پیاوێ، لە ماشێنێکی کۆن ئەچێ،
بە خرە خڕ خەیاڵم شلوێ  و
بە هۆڕنلێدانیش خەونەکانم جاڕز ئەکا
پیاوێ ڕێک هەر ئەڵێی خۆمە و
بە سەدان ساڵی هەتاوییش نایگەمێ
پیاوێ هیچمان ناچێتەوە سەر یەک و
یەک دڵیش شک ئەبەین بۆ لێدان؛.
پیاوێ بەدوامەوەیە

پیاوێ لە پێشمەوە ڕێ ئەکا
پیاوێ  وەک تووتڕک هەرچوارلای تەنیوم
پیاوێ لەسەرسەرم هەڵکووڕماوە
پیاوێ منالّییم بە زللە کوێر ئەکا
ئارامییم فڕێ ئەداتە چەمێکی قووڵەوە
پیاوێ پیرێتییم گەورەتر ئەکا و
کەوچک ..کەوچک مردن ئەکا بە دەممەوە
پیاوێ بە چەقۆکانی دەستییەوە سەرقاڵی ئاوازژەنینە
بە دەم قوڵپی گریانەوە باس لە کرانەوەی خونچە ئەکا و
بە زەردەخەنەشەوە  لە سامناکیی تابووت ئەدوێ
پیاوێ، هەموو « وجود»می خەڵتانی خۆی کردووە
پیاوێ، دڵنیا نیم کەی وەک قوڕی پانتۆڵەکەم ئەیپروێنم
پیاوێ، بۆم ساغ نابێتەوە،کەی وەک توێکڵی فەریکە نۆک....
دوای پیاسەیەکی درێژ تووڕم ئەدا
پاش بێزاربوون. ئەمکاتە زەرفێکی کاغەز و
وەکو منالّ فووم تێ ئەکاو ئەمتەقێنێ



پیاوێ، هەردوکمان لە پێچی کۆڵانەکانی....
سەری یەکدا هەتیوکەوتووین
پیاوێ، پیاوێ؛
چ قەدەرێکی ناشرینە ئەو پیاوە

تەمووزی ٢٠١٤
ئەڵمانیا/کۆڵن

## سووڕی ژیان

جووجەڵەیەکی بە دەماخ
لە هێلانەی ئارەزووە بێڕەنگەکانی خۆما
یەک شەممە
دوو شەممە
سێ شەممە
چوار شەممە
پێنج شەممە
هەینی



شەممە،
پشیلەیەکی حەپەساو
لەسەر دیواری نێوان دوو ماڵی هاوسێ

دوو شەممە
سێ شەممە
چوار شەممە
پێنج شەممە
هەینی

* * *

شەممە
یەک شەممە،
گورگێکی بزەڵە،
لە نێو ڕانەمەڕێکی پەرتدا

سێ شەممە

چوار شەممە

پێنج شەممە

هەینی

شەممە

یەک شەممە

دوو شەممە،

پڵنگێکی بە هەیبەت....

لە دارستانی ئارەزووە بێجڵەوەکانی  خۆما،

چوار شەممە

پێنج شەممە

هەینی

* * *

شەممە

یەک شەممە



دوو شەممە

سێ شەممە،

کەڵەشێرێکی بە ویقاری.....

بەردەم هێلانەیەکی کەم دوو

پێنج شەممە

هەینی

* * *

شەممە

یەک شەممە

دوو شەممە

سێ شەممە

چوار شەممە،

پیرە کۆترێکی تەپۆ،....

لە ئێوارەیەکی خەواڵوودا؛

هەینی

* * *

شەممە

یەک شەممە

دوو شەممە

سێ شەممە

چوار شەممە

پێنج شەممە،

سیسرکێکی ون،

بەسەر پشتی چوارڕیانێکی تەپوتۆزاوییەوە!!!!!!

**ئەوگوستی ٢٠١٢**
**ئەڵمانیا/ کۆلن**



# کامێرای شاراوە

سەرکۆماری،...

پێڵاوەکانی خۆی بۆیاخ ئەکا

✷ ✷ ✷

وەزیری، بە زەرفێک میوەوە،

لە تەکسییەک دائەبەزێ

✷ ✷ ✷

سەرۆک حیزبێ وتار ئەداو

درۆی لە دەم هەڵناوەرێ

✷ ✷ ✷

ئەندام پەرلەمانێ...

کراسی ژنەکەی ئوتو ئەکا

✷ ✷ ✷

پارێزگارێ، دایبی منالّەکەی ئەگۆڕێ

✷ ✷ ✷

لێپرسراوێ، لە سیلەی کۆڵانێکی قووڕاوییدا.....

پاسکیلەکەی شکاوە

✷ ✷ ✷

بەڕێوەبەرێکی گشتیی....

بە فەڕاشێک ئەڵێ، بەیانیت باش

✷ ✷ ✷

سکرتێرەکە پێی وتم....

مودیر کۆبوونەوەی نییە

✷ ✷ ✷

مامۆستایەک بە قوتابییەکەی ئەڵێ ،ببوورە

✷ ✷ ✷

مەلایەک بەسەر کتێبێکی»مارکس»ەوە خەوی لێکەوتووە

✷ ✷ ✷



تیرۆریستێ، نوکتەی خۆش..خۆش بۆ منالّان ئەگێڕێتەوە

✷ ✷ ✷

دکتاتۆرێ، بە دەم فیکە لێدانەوە....

تاک و تەنیا بە شەقامێکی گشتییدا پیاسە ئەکا

**ئۆکتۆبەری٢٠١٢ و ئەوگوستی ٢٠١٤**

# لێو

دنیایەک لە ماتەمینیی.....

بە پەنجەکانی شکۆفە ڕەنگڕێژ ئەکا،

بە پەنگری لەزەتەوە....

بەستەڵەکی دەروونی دڵدارە تۆراوەکان....

پڕ ئەکاتەوە لە گەرمبوونەوە، لێو؛

دەریایەک لە گومانە ناشرینەکان....

ئەگێڕێتەوە نێو ئۆقیانووسی دڵنیایی،

شمشێر، لە دەستی جەنگاوەرە ساویلکەکان ئەسێنێتەوە و



تروسکەی هێوربوونەوە ئەبەخشێتە چاوەکانیان، لێو

ساحیرێکی چەند عەیار و

شاعیرێکی چەند دڵتەڕە، لێو

ئەو، باڵندە تەریوەکان...

دێنێتەوە سەر گوێسوانەی ماڵەکان و

دێڕە ونبووەکانی قەسیدە غەمناکەکان ئەدۆزێتەوە و

ئەیانداتەوە دەست خاوەنە مەلوولەکانیان،

لێو، سەرکردەیەکی هۆشمەند و

سەربازێکی میهرەبان و

نیشتیمانپەروەرێکی بێفیزە،

ئەزانێ کەنگێ پۆشتە و پەرداخ....

ئەچێتە مەیدان و

چۆن گوللەی ئاوەدانبوونەوە ئەتەقێنێ و

چاوەڕێی میداڵی پاداشت وگوڵی ئافەرینیش لە کەس ناکا؛

لێو .. لێو .. لێو

هەر لە ئەزەلەوە پەپوولەیەکی حەقنادیارە و

قەدری پڕووشەی باڵەکانی ناگرین
نازانین چەندێ ماندووە....
بە دەست ئاشتکردنەوەی ڕۆحە زیزبووەکانەوە
چەندە ئارەقە ئەڕێژێ....
بۆ بژارکردنی باخچە، لەچاوچنۆکیی دڕک و داڵ
لێو، لە هەموو ژوانەکاندا ئامادەیە و
لە هەموو کۆبوونەوەکانی ئاشتییدا دانیشتووە و
قسەی خۆی هەیە،
لێو، گەر لێیگەڕێین، فوو لە پشکۆ نیوەمردووەکان ناکا
پشکۆی فیتنە و
پشکۆی غەدر و جودایی؛
گەر سەر نەکەینە سەری...
لاناداتە سەر، جادە بێ دارتێلەکانی خوێن،.....
یان مەزرا زەردەکانی دووڕوویی؛
شەڕی پێنەفرۆشین،.....
تێزابی خیانەت ناڕێژێتە بن گوڵەمێخەکی متمانە و وەفا



لێو، لێو، لێو،
کتێبێکە، لە هەر کوێوە بیخوێنینەوە ئەمانخاتەوە سەرەتا
لە هەر شوێنێکەوە موتاڵای کەین....
ئەمانباتەوە کۆتایی

ئەڵمانیا/ کۆلن ٢٠١١-٢٠١٣

# تاڵانمان کەن

دۆشەکڵەیەکی دڕاویش لە ماڵمانا مەهێڵنەوە
بەشی تارەت و دەستنوێژێکیش، ئاو لە تەنکێکانمانا جێمەهێڵن
تاڵانمان کەن،
سانتی و دایبی کچ و مناڵەکانمان،
بەرماڵ وگۆچانی پیر و کەفتەکارەکانمان و
ڕیقنەی مریشکەکانیشمان حەڵاڵتانە!
ئێمەی «زندیق» لە کونجی ئیلحادەوە هاوار ئەکەین....
تاڵانمان کەن!
دەرگای ژووری نووستنمان لە گرێژەنە بەرن،....



با بەڕووتی بمانبینن، هەر بە ڕووتییش تاڵانمان کەن
تا ڕۆژی» نەفخی سوور» بە ڕووتی بسووڕێینەوە و
ئێمەی « اسفل السافلین» بە ڕووتی بچینە بەر قاپیی خودا و
ئێوەی نوورانییش غەرقی ڕووباری «شرابا طهورا» بن
تاڵانمان کەن،
ئێمە بەتاڵانکراویی جوانترین،
بەتاڵانکراویی گەرمتر هەناسە ئەدەین!
ئاخر ئێمە لەوەتەی هەین لە تاڵانچییەکەوە.....
ئەدرێینە دەست تاڵانچییەکی تر
لە کۆشی دەعبایەکەوە هەڵئەدرێینە ئامێزی دەعبایەکی تر
تاڵانمان کەن، منەتتان بە تۆزی سەر نەعلە جێماوەکانی دایکم
تاڵانمان کەن،....
ئۆباڵ بەگەردنم ئێمە لە زومرەی گوناهکارانین و
ئێوە ئەهلی نوور و ئیمان!
ئێمە لە بنەچەی خوێنمژانین و
ئێوە لە داوێنی فریشتە کەوتوونە خوار!
تاڵانمان کەن،
مێژووتان شەرمەزار مەکەن، تاڵانمان کەن

ئاخر ئێوە بە کۆڵ وباری فەرهوودەوە لە خۆتان ئەچن
بە چنگوپەلی سوورەوە ئەچنەوە سەر باپیرە گەورەتان،.....
تاڵانمان کەن

**ئاوگوستی ٢٠١٤**
**ئەڵمانیا/ کۆلن**



# مانیفێستی دڵڕەقیی

وامزانی کەروێشک لە ساتی سەربڕیندا ئەگری،
تومەس، گلەییە، بە دەنگی بەرز لە ئێمەی ئەکا!

✹ ✹ ✹

کەڵەشێر، بەیانیان...
خوێنڕێژیی دوێنێمان بیر ئەخاتەوە،
نەک ڕۆژبوونەوە!!

✹ ✹ ✹

کەو،یەکەمین وانەی براکوژیی...
لە قابیلەوە فێر بوو

✹ ✹ ✹

شەمشەمەکوێرە،...

بە ڕۆژ لە بێمروەتیی ئینسان چاو دائەخا و

بە شەو، بۆ وردە شووشەی گوناهەکانمان ئەگەڕێ

✻ ✻ ✻

گوێدرێژ لە ئیفلیجییمان دڵنیایە،....

بۆیە بە کۆڵ، کوێمان بوێ ئەمانگێڕێ

✻ ✻ ✻

کوونەپەپوو، ئەو کەلاوانە ئەژمێرێ....

کە ئێمە لە تەلارەکان دروستی ئەکەین

✻ ✻ ✻

نەعامە سەر ئەکا بە ژێر خاکا و

لە جیاتی ئێمە خەجاڵەتیی ئەکێشێ

✻ ✻ ✻

ڕەنج بەخەسار، سەگ،....

هەر کلیلی وەفامان ئەداتە دەست و

ونی ئەکەین



ژیشک، هاوسێی ئێمە نەبوایە...

چ کاری بەو هەموو دڕکانە ئەبوو؟

✻ ✻ ✻

ئاسک، لە مەرگی خۆشیدا..

« میسک»مان پێئەبەخشێ و

ڕووزەرد نابین!!

✻ ✻ ✻

بزن نانی شوان ئەخوا و

شوان، بزنەکە!

✻ ✻ ✻

گورگ، دوو پێی تر قەرز ئەکات بۆ هەڵهاتن...

کە ئێمە بەکوڵ پێئەکەنین!

✻ ✻ ✻

کە بە پشیلە ئەڵێین سپڵە،

ئەو لە دڵی خۆیدا.....

بۆ حاڵی ئێمە ئەداتە قوڵپی گریان

خاڵخاڵۆکە ماڵی خاڵیشمان پیشاندا....

لێناگەڕێین بگاتەوە بەر دەرگای خۆی!

* * *

هەمیشە ڕیسی هەنگ ئەکەینەوە بە خووری!

* * *

هەتا ماسییەکان جوانتر بن،...

فێڵەکانمان دانسقەتر!

* * *

کەسێ، دڵ نابەخشێ بە مەیموونە غەمگینەکان

ئەو مەیموونانەی، ئای چەند قاقامان....

بە دیار زەلیلبوونیانەوە لێدا

**ئەڵمانیا/ کۆڵن**
**مارتی ٢٠١٣**



## لەگەڵتا دێمەوە، هاوڕێ

ڕۆژێک دێ بە پەتێکەوە ئەمبینیت، هاوڕێم

لە گۆڕەپانێکی گشتییدا، بە دارتێلێکی ژەنگاوییەوە

لارەمل، لە نێوان زەوی و ئاسمانا....

خوێنێکی بێڕەنگ لەو برینە بچووکەی گەردنم ئەچۆڕێ

خوێنێک، ئەو ناوەی کردۆتە.....

گۆمێکی خەستی پڕ ماسی ئاڵ و واڵا

ئەو دەمە، پیرەئێوارەیە،....

کە تۆ، بە تەزبیحێکی قەزوانییەوە لەوێوە دێی،...

مەست.. مەست  لە سەیران گەڕاویتەوە
دڕ بە ئاپوورەی ئەو خەڵکە حەپەساوە ئەدەی ،....
قووڵ.. قووڵ لێم ورد ئەبیتەوە و
لەبەر خۆتەوە ئەڵێی...
خودایە، من شێوەی ئەم پایزە هەڵواسراوە ئەکەم
خودایە، ئەم بیجامە خەت خەت و نەعلە ئیسفنجانەش...
غەریب نین بەلامەوە،
ئێی هاوڕێ بەدمەستەکەم،....
دواجار، بە سیلەی ڕەحم و نەشئەی سەرخۆشییەوە....
پەروانە باڵنەخشینەکانی گاڵتەوگەپ ڕۆئەکەیتە سەر سنگم
بەدەم گۆرانیی "شیرینێ لەیلانێ و لەیلانێ"وە
تا ماندوو ئەبین جۆلانێم پێئەکەی؛
هەموو دەموچاوم بە شەرابی نوکتەی تازە تەڕ ئەکەیت و
من، نە، بزەیەک ئەمگرێ و نە، سەرێک بەرز ئەکەمەوە
ئەکەویتە گێڕانەوەی حیکایەتە فانتازییەکان،
باسی ئەو کچانەم بۆ ئەکەی ،خۆشتویستن و
نوقڵی ئەو هەموو نامانەی لەگیرفانتا توانەوە؛



ئەو فیلمانەم بۆ ئەگێڕیتەوە؛
کە وەک من، پاڵەوانەکانیان زوو ئەکوژران
هاوڕێ، گومان لەگوڵاڵەسوورەی چاوەکانی خۆت مەکە و
بەردەوامبە
ئەوەی ئەیبینیت شەمپازییەکە بەو پەتەوە
بۆ ئەوە خۆی هەڵواسی...
تا، پێکەنین بێنێتەوە بیری دڵە تەنگەکان
ئەوەی بەو پەتەوەیە...
«ئیسماعیل»ێکە، کەس نەیکردۆتە قوربانیی، خۆی نەبێ
هەلاڵەی پێکێکی تر بۆن کە، هاوڕێ...
نەوەک وەئاگا بێیتەوە،....
دامبگریت و بەفری خۆڵەمێشیی تاوانێ بەسەرتا کرێوە بکا و
هەموو ماسییەکانی ناو گۆمەکەش بخنکێن
دامبگریت و، نەهێڵی خەیاڵە تەڕەکانم بۆ پەلکەزێڕینە تەواو کەم؛
ئاخر، هاوڕێ من بەو پەتەوە جوانم
لەم بەرزەخەی خۆمدا....
ئیتر نە، لەگەڵ جنسی ئێوە دانووم ئەکوڵێ و

نە، لە باخچەی فریشتەکان، جێ پێیەکم ئەبێتەوە؛
گەر لێمگەڕێی، بە ئیشارەتی مۆمی کوژاوەی پەنجەیەک
پێت ئەڵێم دوا ڕەشنووسی وەسێتی خۆم لە کوێدا حەشارداوە
کەمێک لە بن دارمێوی «سەبر» ێکا پشوو بە....
هەموو  پەشمەکی نهێنییەکانم ، ئەکەونە بەر خۆری لێڵی
ڕوانینەکانت
هەرچی گلەییم هەیە،
 ئەبن بە تنۆکێ ئاوی بەر هەتاوی نیوەڕۆیەکی تەماشات؛
بەڵام من چیم، هاوڕێ!؟
ئەبێ نهێنیی و گلەیی چیم هەبێ.....
بابایەکی ماڵوێران، خانەوێرانێکی تەنیا!؟
یان چیم لە دوا جێئەمێنێ،!......
پاش ئەوەی بەو پەتەوە ئەبمە زەڕنەقووتەیەکی وشک وبرنگ
یەک دوو دەنک گەنمی نهێنیی لە هەناوما و
چەند تنۆکێ ئاونگی گلەیی بە گەڵای تەنکی دڵمەوە ئەمێنێتەوە
نهێنیی بەدبەختیی و
گلەیی خاکەسارییم لە،.....



 نازانم لە کێ، هاوڕێ!
دەی،گرنگ ئەوەیە......
وەک پشیلەیەکی چاو زیت، بەو دیوارەشا هەڵزنام....
کە سێبەری مەرگ لەپشتێوە هەڵترووشکابوو،
گرنگ ئەوەیە، هێشتا حەوسەڵەی ئەوەم ماوە....
ماڵئاوایی نەکەم، هاوڕێ؛
مەلۆتکەی چەند هەناسەیەکم لێ جێماوە.....
ناکرێ فەرامۆشیان کەم،
نەمامی چەند فرمێسکێکم چاندووە،....
خۆش نییە چاوەڕێی سەوزبوونیان نەکەم
لەگەڵتا دێمەوە، هاوڕێ
 بەڵام ئەوەت لە بیر نەچێ،...
بەڵام ئەوەم لە بیر ناچێ،
بە پەتەکەی گەردنمەوە قۆڵ ئەکەم بە قۆڵتا، هاوڕێ گیان!!

**نۆڤێمبەری٢٠١٣**
**ئەڵمانیا/ کۆلن**

# خانەی ئومێدە، خەیاڵ

ڕێ نادەم بەفر ڕەشت کات،.....

یان هەتاو، سپی؛...

ئەی خەیاڵی شپرزەم، لێرە مەجووڵێ

* * *

بستێک لەولا خۆمەوە، جێی دڵنیایی نییە،

خەیاڵی سەرشێتم؛ بیر لە ڕۆشتن نەکەیتەوە

* * *

بەردەوام وێنەی یەک ئەگرین



تۆ بە شۆرتێکی گوڵگوڵیی و

من عەبایەکی ڕەشەوە،

تۆ بە چارشێو و

من بە ڕۆحێکی ڕووتەوە، خەیاڵ

* * *

لە تیشک خێراتر نەبوویتایە....

لە مێژ بوو، تۆزیشت نەمابوو، خەیاڵ

* * *

جێی سەرم بکەرەوە، خەیاڵی سەرکێشم،....

با پاشەڵم گورگ بیخوات

* * *

زۆرترین شەهیدی داوە، خەیاڵ

* * *

تابووتێک لە خەیاڵ،

لە هەموو کیشوەرەکان ئاوەدانترە

* * *

ئەوەندە خوێن لەبەر خەیاڵەکانم ڕۆیی،...

لیمۆ، سواڵی ڕەنگزەردیی لە من ئەکات

* * *

بێتامیی و

بێڕەنگیی و

بێبۆنیی بەخشی بە ئاو؛

لە هەنگوین تام و

لە تاوس ڕەنگ و

لە گوڵەباخیش بۆنی دزیوە، خەیاڵ

* * *

چەند شیرینە لام دار و بەردی خەیاڵ؛

ئەی خەیاڵ مەفتوونی تۆم و شێوەتم بیرکەوتەوە؛

بە ئاسمانەوە خەیاڵم دیوە؛

خەیاڵی، خواوەندی جوانیی، ئەی چرای دیوانی شەو

جە بێکەسیی وێم، تۆم کەردەن بەکەس، خەیاڵ

* * *



نە، دەستی ئاو پێی ئەگات لە خۆیدا بیسووتێنێ و

نە، پەنجەی ئاگر ئەگاتە دامێنی، تەڕی بکا؛

نە، پاییز پۆشتەی ئەکاتەوە و

نە، زستان شاڵە سپییەکە لە شانی دائەماڵێ، خەیاڵ

* * *

تاکە باڵدارە باڵی ناکرێ و

تاکە درەختە میوەی لێ نابڕێ و

تاکە ماسییە هیچ تۆڕێک نایخەڵەتێنێ، خەیاڵ

* * *

منی ترسنۆک، لە پشت سوپای خەیاڵەوە،

منی جەربەزە، لە سەنگەری پێشێ پێشەوەی خەیاڵ،

منی دەبەنگ، لە ڕیزی دوای دواوەی خەیاڵ،

منی چاپووک، ڕێک لەبەر دەم ماڵی خەیاڵدا....

سنگم لێ دەرپەڕاندووە!

**ئاب و ئەیلوولی ٢٠١٣**

**ئەڵمانیا/ کۆڵن**

# بەرمۆدای،...
# نیگەرانیی
# ترس بێهوودەیی

لە چی دانەچڵەکێم،....

منی تەنراو،.....

بە تەلی دڕکاویی تەمەنێک پرسیاری ترساو و،....

تەلیسمێک لە نیگەرانیی و

مەزرایەک خەیاڵی شەرمن!

بێهوودە خۆم ماندوو ئەکەم؛



بێهوودەیی زۆر لە بێکەسیی ئەچێ،

تۆنی دەنگی ئێجگار نزیکە لە تاعوونەوە،

شێوەی زۆر ئەچێتەوە سەر مردن؛.

خودایە چیم بەسەر دێنی، بیهێنە و

تەنها، ئاوێنەیەکم بدەرێ....

ڕووخساری ئەم نیگەرانیی و ترس و بێهوودەییەم تەڵخ کات

گوڵێکم لە ئینجانەیەکدا پیشان دە،......

لەبەر پێکەنین نەتوانێت قسە بکات

* * *

بە دووچاوی خەواڵووەوە،....

بۆ قوومەئاوی بەیانیباشێکی هەرزەیی دێمە حەوشە،....

تووتڕکی بێمرووەتی ترس، لە خۆیم دەئاڵێنێ و

نیگەرانییش، وەک چاودێری پۆل.....

لەسەرلا مۆڕەم لێ ئەکات،

تێئەگەم پێم ئەڵێ.....

دانیشە، با مامۆستات بۆ بانگ نەکەم؛

بە ڕدێنێکی سپییەوە خەریکی دانووستانم لەگەڵ منداڵیی و

بێهودەیی بە چاویلکە زەڕەبینەکەیەوە......
لە تاقی ژوورەکەمدا خەریکی جگەرە کێشانە؛

خودایە بڵێ،
تۆ بیت چی ئەکەی.. چی!؟
ئەچیتەوە کەرنەڤاڵی پڕ گڕوگاڵی منداڵیی،
یان ڕۆحت لەژێر پێچکەی.....
شەمەندەفەری بێهودەییدا پاڵئەخەی!؟
خودایە من هەر ناشزانم نەخشەکانی کفر ئەکەونە کوێوە،....
شەیتان کام ڕێوبانی بە دەسخەڕۆیی مینڕێژ کردووە!
تەنها ئەوەم پێ ئەکرێ.....
ڕۆژی پێنج جار ،پەنجەی ناوەڕاست بۆ ژیان بەرز کەمەوە
پێنج فەرزە لە نیگەرانیی و
پێنج فەرزە لە ترس و
پێنج فەرزە لە بێهودەیی هەڵبێم و
وەک کۆلارەیەکی پەتپچڕاو ئەکەومەوە حەوشەکەیان؛
پێنج فەرزە تەڕ ئەبمەوە،



پێنج فەرزە وشک هەڵدێم،
پێنج فەرزە ئەشکێم،
بە ئارەقەی وشکی نیگەرانیی و
پشکۆ تەڕوبڕەکانی ترس و
کەوتنە خوارەوە لە پشتی پیکابە شڕەکەی بێهودەییەوە

**مایسی ٢٠١٢**
**ئەڵمانیا- کۆلن**

## خۆ«نه» کوشتن!

چەقۆیەک،
تەنها یەک گوللە،
پەرداخێ ژەهر، بە تامی هەنگوین
پەتێک و
هەریەک ئەڵقە و بەس، بە پەنجەرەی ژوورەکەوە
ئیتر تەواو، نە، نیگەرانیی بە تۆزی پێم ئەگا و
نە، ترس، بە پاژنەی پێڵاوەکانی ئەکێشێ بە کەللەی سەرما
نە، هیچ توولەڕێیەکیش ئەمباتەوە سەر مەملەکەتی ئینسانەکان



بەڵام ئاخ لەو حەسرەتە؛....
دوای ئەوە، نە، باڵندەیەک نیگام پڕ ئەکا لە فڕین،
نە، باخێک نەمامێکی تازەی خۆیم پێ ئەناسێنێ،
چەقۆیەک و
ئیدی لە ماسی جوانتر ئەکەومە مەلەکردن،
گوللەیەک و
لە گوڵ بەنازتر ملم لار ئەبێتەوە،
پەرداخێ ژەهر و ئەبمە پشیلەیەکی خەوتوو،
پەتێک و لە چۆلەکە باشتر فێرە فڕین ئەبم

* * *

پەتێک و
هەر یەک ئەڵقە وبەس، بە پەنجەرەی ژوورەکەوە،
پەرداخێ ژەهر بە تامی هەنگوین،
تەنها یەک گوللە،
چەقۆیەک؛
ئیتر شانم لە شانی زبری هیچ خەمێ ناکەوێ،

چ خەمێ شان لە شانم هەڵناسوێ،
هەر گۆرانییەک بڵێم، کەس جاڕز ناکەم،
هەر گۆرانییەک بڵێن دڵتەنگم ناکا،
بەڵام هەر لەوە ئەترسم کە چیتر....
بەیانییەکی هاوین خۆرێک نییە خەبەرم کاتەوە،
مێشێک نییە  هەراسانم کا و
نیوە پەرداخێ ئاو لە ژوور سەرمەوە نابینم،
بۆنی قاشەشووتی جێماوی سەر سینییەک بەسەرما نایەت،
لەو کەفتەکارییە سڵ ئەکەمەوە...
کە شیعرێک بە نەرمەپەڕی باڵەکانی ئیحساسم بەخەبەر نەهێنێ،
خەمی ئەو بێدەرەتانییەمە.....
دیوارێکی قووڕ نابینمەوە.....
چەند بستێ لە سێبەری خۆیم بەسەرا بڕێژێ،
شۆفێرێکی سەرکێش...
چڵپاوی شەقامەکەم پیا ناپرژێنێ،
قەسابێک، هەر بە قسەی خۆش...



کیلۆیەک گۆشتی پڕ ئێسقانم بەسەرا ساغ ناکاتەوە،
گوێم لەبەقاڵێکی بەویقار نابێتەوە هاوارکات......
وەرنەوە بۆ خەیاری گوڵ بەدەم،
وای،کە ناخۆشە بمرم و
ئیتر نەیبیستمەوە شێتێک پێم بڵێ بەخوا بێ ئەقڵی،
کچێک پێم بڵێ گەماڵەپیر بۆ وا تەماشام ئەکەی،
دکتۆرێک پێم بڵێ بڕۆ ئەشیعەیەک بگرە،
حەماڵێک پێم بڵێ خەبەردار،
خەیاتێک بڵێ هەر کونەقۆپچەکەی ماوە،
چایچییەک لێم بپرسێ.....
خەست و شیرین ، یان ڕوون و کەم شەکر؟
قاچاخچییەک ، لە بنا قۆڵم ببڕێ و
بە دڵێکی گوشراو و خوێنێکی ژەنگاوییەوە سنووورداش بکرێمەوە
ئەترسم بمرم و
گوێم لە سترانی کرێکارێکی زەوقلیی نەبێ.....
بە دەم هەڵگرتنی تاسێ چیمەنتۆوە،

مناڵێ نەبینمەوە خلە.. خل.....

بە نەعلەکانی دایکێوە بێتە کۆڵان،

هەرزەکارێ سیلەی کۆڵانی لە کچەدراوسێکەیان گرتبێ،

پیرەمێردێ لەگەڵ تەزبیح باداندا....

سەرکێشییەکانی خۆی بگێڕێتەوە

* * *

چەقۆیەک و

ئیتر ئەبم بە ژمارەیەکی تاک، تاک و تەنیا،

گوللەیەک و

ئیتر ئەبم  بە قۆچی قوربانیی شێتیی خۆم،

پەرداخێ ژەهر و

حیکایەتی دەردەدڵ ئەبێتە ئەفسانە،

پەتێک و

دوو لنگەفرتێ و خامۆشییەکی مۆر

* * *



پەتێکی عەمارەپۆ،

پەرداخێ ژەهری ئێکسپایەر،

گوللەیەکی چرووک و

چەقۆیەکی شکاو......

لە ژوور سەرمەوە دائەنێم؛

پەتێک و

پەرداخێ ژەهر و

گوللەیەک و

چەقۆیەک،.....

لە زەرفێکی میوەدا فڕێ ئەدەمە تەنەکەی خۆڵەکەوە

**نیسانی ٢٠١٥**
**ئەڵمانیا/ کۆلن**

# مارشی چەقۆ !

هووها، سەگی سەروقژ ڕووت،

هووها، پانتۆڵ تەسکی، ڕووڕەشی بەرقاپیی خودا،

هووها، تەنوورەکورت، قاچوقول کۆڵەوژی دۆزەخ،

هووها، پشکۆی ژێر خۆڵەمێشی لەزەت،

هووها، خەزێم لە لووت، بازنگ لەدەست،.....

سنگ وگەردن تاتەشۆری ئەهلی نیفاق،

هووها، پێڵاو بەرزی کەمەر باریک،.....

چاو بەکلی دەم پڕ قوڕولیتەی خەندە،



هووها، نینۆک درێژەی لێوسوورە،گوارەشۆڕ،

قژ پەرش وخاو، قژلوول، قژبژ،....

چاوشین، چاوسەوز، چاوڕەش. چاوزەرد، هووهاااااااااااا

هووها، موزیکی بێ دەرپێ،

هووها، کتێبی بێشەرەف،

هووها شیعری خوێڕیی و دەمڕووت،

هووها تابلۆی بێتەربێت،

هووها، سەمای ئابڕووتکاو،

هووهاااااااااااااااااااااااااا. هووهاااااااااااااااااااااااااااااااا

٢٠١٥

ئەڵمانیا/ کۆڵن

## فڕیین، بەدەم حەسرەتەوە

درەختی خۆر لە ڕەگەوە هەڵئەکێشم،

باران لەجێی خۆی ڕەق ئەکەمەوە،

ئۆقیانووسەکان ڕۆئەکەمە نێو پەرداخەکەی بەر دەمت،

زەمین وەک فەرشێکی بێفەڕ تووڕ ئەدەم؛....

من و تۆ، چ کارمان بەو شتانەیە!؟

✺ ✺ ✺

ئەو دەمەی هەلا.. هەلا بووم....

وەک دەفتەری بەردەست منالێکی بزێو؛



هەموو دیوارەکانی ڕۆحم شەقیان بردبوو، چەشنی کۆنەتەلارێک

پەڕەیەک و سووچێکی ساغ مابوونەوە،....

بەبێ ئەوەی بزانم،کەسێک دێت و

لەو سووچەدا شتێکم بۆ ئەنووسێ؛...

تۆ تەماشا ئەو سودفەیە!

✺ ✺ ✺

بڕوانە، گوڵی چ پەرجوویەکی ڕووناک بووی، تۆ؛...

بە دیواری ژوورەکەوە، کاتژمێرە ڕووتەڵەکەم ،....

سیسرکێک بوو، وشکهەڵاتوو

ئەوەی نەیهێشت هەڵبوەرێ،

ئەو چرکە پڕ ئەفسوونە بوو......

ڕێت نەدام چیتر بیر لە مردن بکەمەوە!

✺ ✺ ✺

ڕاوەستا بوو،....

شتێک لەژێڕ قەفەزەی سنگمدا کڕ بوو بوو

دەنگی هات، شتێک لە سنگما کەوتە لێدان،

ئەو کاتەی تۆ نەتناسیوە و

ئەو دەمەی پێت وتم دڵمە

* * *

گومان دەرگایەکی هەیە و هەزاران پەنجەرە

هەزاران تفەنگ و یەک مەیدانی شەڕ

کەچی ئەوەی یەقینە لام،......

ڕژانی هەتاوە، بۆ تاوێ فێنکبوونەوە....

بۆ نێو لەپی دەستەکانت؛...

خۆگەرمکردنەوەی بەفرە، بە شانتەوە

* * *

دوارِستە، چیت پێ خۆش بێ، ئەوە ئەڵێم،

دوا وەڵام، چیت پێ خۆشە ئەوە بڵێ

من، بە هەموو شتێ ئاسوودەم؛

ئاسوودەم بە شپرزەییم،

ئاسوودە ، بە دیار گمەگمی کۆتری دڵتەنگییمەوە،



ئاسوودە، لە پاڵ دارتێلی ژەنگاویی چاوەڕوانییدا؛

ئەوە فڕینە بەسەر باڵی نەورەسی خۆشبەختییەوە،......

شتێک، وا سەرقاڵت بکا......

پەرتبوونی خۆت بیرچێتەوە

شوباتی٢٠١٤
ئەڵمانیا/ کۆڵن

# جەنگ کۆتایی دێ

دۆڕاوەکان یەکجار بە چۆکا دێن،....
یەکجار خوێنیان لێئەڕوات و
یەکجاریش ئەمرن،
جەنگ، بە دەستوپلی سوورەوە بە لادا دێ
دەستکەوتەکان، هێواش.. هێواش،....
لیمۆی لەزەتیان چرچ ئەبێ
جەنگاوەرەکان، وردە.. وردە،....
چەشنی خەونێکی ئاڵۆز لەبیر ئەکرێن



سەرکردەکان ،غرووریان،....
وەک کراسێکی ڕەشی بەر هەتاو کاڵ ئەبێتەوە
کاسێتی گۆرانییە تووڕەکان...
ئەخرێنەوە سەر ڕەفەی فەرامۆشیی،
پشکۆکانی خوێنڕشتن ئەبنە خۆڵەمێش و
«با» بەرەو دەریا ڕاپێچیان ئەکا
ڕۆژێ دێ، جەنگ کۆتایی دێ
براوەکان، لە دۆڕاوەکان هەناسەسارد و
دڵتەنگتر دەرئەکەون
کەسێ نەماوە پەنجەی تفەنگ لە چاوی برینی وەردەن و
گوێیان لە قرچەی شکانی پەراسووی نەیارەکانیان نابێ
ئیدی براوەکان وەک کەڵەشێر ئەچنە بەر ئاوێنە و
شەڕ بە وێنەکەی خۆیان ئەفرۆشن و
دەنووک لە پۆپنەی خۆیان ئەدەن،
براوەکان بیری دوژمنە نابووتەکانیان ئەکەن،
بیری ئاڵای سپی و فرمێسک و هەڵهاتن و

چەکی بەحێماوی مەیدانی جەنگ ئەکەن

ئیتر براوەکان لە داهۆڵی ناو باخ تەنیاتر و

لە چۆلەکەی نەوتاویی کزەڵەتر؛

پەنجەرەی ئۆقرەیان تەم ئەیگرێ و

بانیژەی ئارامیان خورە.. خورِ دڵۆپە ئەکا

براوەکان شەق لە خڕکەبەرد هەڵئەدەن و

بەدەم ڕێوە ئاسمانی وڕێنەیان کرێوە ئەکا،......

بورکانی نائومێدییان نێڵەی دێ؛

بە دەم خەیاڵیشەوە وێنەی نەیاری تازە و

خوێنی گەرمتر و

گریانی بەکوڵتر ئەکێشن،

فیشەک ئەنێن بە تاریکستانەوە و

برژانگەکانی مانگەشەو بە باروت هەڵئەوەرێنن،

براوەکان، ئاوان،....

بارانی «سەرکەوتن»، تا سەر، ئاوی کێڵگەی غروریان نادا،....

ئاسوودەییشان ئەسپی شەلی عەرەبانەیەکی شکاوە



براوەکانیش، ڕۆژێ دێ کلکی درێژی زەلیلبوونیان...

بە دوای خۆیانا کێش ئەکەن،

ساتێ دێ ڕدێنیان دێتە سەر سنگ و

ڕەش ئەچنەوە لە نائومێدییدا،

براوەکان، دۆڕاوترین قومارچیی بەدمەست و

کڵۆڵترین بەختەوەری سەر زەمینن

✺ ✺ ✺

چەند لەزەتبەخشە بردنەوە،......

کە هەور بە چۆکی شکاوەوە....

دادەبەزێتە سەر تەختی نێوچەوانت،

چەند کەمەرشکێنە دۆڕاندن،....

کە کڵاوی دڕاوی ئەژنۆکانت بەرئەبنەوە سەر زەوی،

چ کاولبوونێکە بردنەوە....

کە ئیتر لە تەنیاییدا خۆت بە ڕەنگی «با»وە سەرقاڵ ئەکەی

چەند نەشئەبەخشە دۆڕاندن...

کە دواپێکی لەزەت ئەدەیتە دەست دوژمنەکەت و

ئیدی تا هەتایە دەرفەتی نادەی......

لێوی بەرپرژەی خوێنی تازەت بکەوێ

تا ئەبەد ناهێڵی.....

تامی دەنکە ترێی شیرینی "سەرکەوتن"ی خۆی بکاتەوە

جەنگ کۆتایی دێ،

جەنگ، یەکە.. یەکە هەناری دڵمان ئەتەکێنێ،

دەنک..دەنک شاتووی چاومان بەرئەداتەوە سەر زەوی

بەدەست جەنگەوە، بە ڕۆژی نیوەڕۆ....

تەنها سێبەرێکی لەڕولاوازمان ئەمێنێتەوە،

سێبەرێ،....

کە هیچی ناچێتەوە سەر خۆمان،

سێبەرێ،....

فرسەخێ لەولا جەستەی ڕووتمانەوە ڕاکشاوە!

**ئەیلوول و تشرینی یەکەمی ٢٠١٥**
**ئەڵمانیا/ کۆلن**



## من، ئاوا شێت ئەبم!

دەست لە خونچە بوەشێنم....

یەکەوڕاست دەم ئەکاتەوە؛

دەست لە هەور بوەشێنم،...

بارانێکی بۆنخۆش دائەکا و....

ئاو ئەزێتەوە نێو دەمی وشکەساڵیی؛

بەلای کۆرپەدا گوزەرکەم...

لارە.. لار ئەکەوێتە سەر پێز...

بە باخی قەرەبرووتا تێپەڕم....

قوڵپە قوڵپ سەوزایی سەردەرئەکا
دەست لە تفەنگ بوەشێنم....
باروووت ئەبێ بە سابوونی تواوە؛
هەتا زووتر بەفری شێتیی پۆشتەم کاتەوە
منیش گورجتر  تەقە لە دەرگایەکی ژەنگاویی هەڵئەستێنم و
ماڵێک زیاتر، ئاوەدانیی ئەیخاتە قاقای پێکەنین؛
ئەچمە پۆلی  یەکەمی سەرەتایی...
ئەوەندە نوکتەیان بۆ ئەگێڕمەوە
مناڵان لە خۆشییا بمخەنە ناو دەفتەری ڕەسمەکانیانەوە،
خۆم ئەکەم بە تەعزێی ژنانا....
کراسە ڕەشەکانیان لەگۆرانیی گوڵگوڵیی هەڵئەکێشم
من، ئاوا شێت ئەبم،
بە ڕۆژی باوبۆران ڕوو ئەکەمە چاخانەیەکی هەناسە تەنگ و
دووکەڵی جگەرە بۆ پیاوە بێئیشەکان ئەکەم بە عەتر و
بە قسەوباسی گەرم وگوڕ...
هەڵم لە «چا» ساردەوەبووەکانی بەردەمیان هەڵئەسێنم



لە گەرمای هاوینا....
ئەچمە  نێو قەیسەرییەکان و دەست ئەکەم بە هەڵپەڕین
بۆ ئەوەی دووکاندارە خەواڵووەکان بکەونەوە کەیف و سەفا؛
کراسەکەم پشتاو پشت لەبەر ئەکەم،
پێڵاوە شڕەکانم ئەکەمە دەست و
لەبەردەرگای مەکتەبی کچانا ڕائەوەستم،
هەنسک لە بیر ئەو قوتابیانە ئەبەمەوە...
کە کارتەکانیان سوور ئەچنەوە لە «سفر» ا،
ئارەزوم لەو شێتبوونەیە...
ماخۆلانم پێبخات و
ئەمسەری کۆڵان بۆ ئەوسەری کۆڵان...
بدەمە بەر هەناری شیعر
هەموو گیانی شار....
بە شاتووی قسەی نەستەق  شین و مۆر کەمەوە
من، ئاوا شێت ئەبم،....
لەگەڵ نابیناکان ئەچمە مزگەوت،

تا سەر بەردەنوێژەکان ئەیانبەم و

بە دیار نزاکانیانەوە بێدەنگ دائەنیشم.....

بۆ ئەوەی خودا گوێی لێیان بێ؛

لە ژوور سەری نەخۆشەکان ئەنیشک دائەدەم،....

خۆ بەوە نییە شێتم،

ناو و کاتی دەرمانەکانیشیان لەبەر ئەکەم،

شەو، جادە بە جادە ئەسوورێمەوە،

ئەچمە ژێر باڵی مەستە غەمگینەکان،....

ئەیانگەیەنمەوە بەردەم ماڵە ڕەنگپەڕیوەکانیان و

ڕێ نادەم کەس لە داغانبوونی ڕۆحیان تووڕە بێ،

یان مەستبوونیان بریندار کا؛

یەک یەک سەر ئەکەم بە مەلهاکاندا،....

فیکە لە پیاوە ملهوڕەکان ئەکێشم و

ڕیسەکەیان لێئەکەمەوە بە خوریی،

لاقرتێیان پێئەکەم و

بە ڕووتیی ئەیانهێنمە سەر شەقامەکان؛.



گەلی خزم و برادەرینە،

هەموو شەوێ بەر لە خەوتن،.....

بۆنبغووردی دووعاکانتان بە ماڵەکەما بڵاوکەنەوە.....

بۆ ئەوەی شێتییەکم بە نسیب بێ.....

دیوار بە باخچەی ئاژەڵانەوە نەهێڵم،

لاڕێیەک بۆ ماسییەکان بکەمەوە....

ڕاوچییەکان ئەقڵیان پێی نەشکێ،

دوا جاریش دەرگای شێتخانەکان لە گرێژەنە بەرم و

هاوار کەم،...

ئازادیی بۆ ڕیشۆڵە لیمۆڕەنگەکان و

سەروەریی بۆ دڵە کریستاڵییەکانیان،

ئازادیی بۆ کۆترەشینکە میهرەبانەکان و

درورد بۆ گمە..گمی یاقووتییان

حوزەیرانی ٢٠١٥

ئەڵمانیا/ کۆلن

## ئیجە

ماسیییەکانی »ئیجە« ،...

وەک من و تۆ بە کوردی قسە ئەکەن،

ماسییەکانی «ئیجە»،...

لە «عەلی مەردان « خاستر مەقام ئەچڕن،

ماسییەکانی» ئیجە» ،...

لە لانکێکی تەڕدا....

کۆرپەکانمان بە دەسرازەی شەپۆل شەتەک ئەدەن،

ماسیییەکانی »ئیجە» ،...

لە دایکمان جوانتر برنجی کوردی لێئەنێن،

ماسییەکانی »ئیجە» ،...



لە باوکمان باشتر پشتێن و جەمەدانیی ئەبەستن،

ماسییەکانی «ئیجە»،...

لە خوشکەکانمان قەشەنگتر قژ دادێنن،

ماسییەکانی «ئیجە» ،...

لە براکانمان قۆشمەتر نوکتە ئەگێڕنەوە،

ماسییەکانی »ئیجە» ،...

هەر زوو شارەزای هەموو دیالێکتە چاو تەڕەکانمان بوون

ماسییەکانی »ئیجە» ،...

نمەکی ڕۆحیان کردووین و

لێمان نابنەوە، ماسییەکانی »ئیجە» !!!!

* * *

شەپۆلەکانی «ئیجە»، ...

لە ئێمە جوانتر ڕەشبەڵەک گەرم ئەکەن،

شەپۆلەکانی «ئیجە» ،...

بە تەسبیح و شەڕواڵێکەوە بێکاریی بەڕێئەکەن،

شەپۆلەکانی «ئیجە»،...

ئۆتۆمبێل بەخێرایی دەئاژوون،

شەپۆلەکانی «ئیجە»،...
بۆ ئەوەی دیق نەکەن تا نیوەشەو ئەخۆنەوە،
شەپۆلەکانی »ئیجە»،...
بەشی قاوەگرەوەیەک پارەیان لاداوە....
پێیان بڵێ کوڕ و برا و مێردەکانیان کەی دێنەوە ،
شەپۆلەکانی «ئیجە»،...
تازە فێربوون بێترس بچنە کافتریا،
شەپۆلەکانی »ئیجە»،
بۆنی مێخەکبەندەکانیان، پشتی عەتری شکاندووە،
شەپۆلەکانی «ئیجە»،...
ئەوەندە تێکەڵاومان بوون، بەکوردی ئەڵێن بەخێربێن
شەپۆلەکانی «ئیجە»،...
ئاخ، شەپۆلە حەرامزادەکانی «ئیجە»،.....
هیچ دۆستایەتیی نافامن ،.....
لەچاوترووکاندنێکا، سەد خیانەتمان لێئەکەن !!!!

**کۆڵن - ٢٤،٠١،٢٠١٦**



*سوپاس وپێزانینم:*

☼لە دڵەوە زۆر سوپاسی برای هونەرمەندم کاک (زاهیر سدیق) ئەکەم کە زۆر ماندوو بوو بە چاپگەیاندنی ئەم کتێبەوە.

☼سوپاسی برای هونەرمەندی دیزاینەر کاک (بازیان جەلال) ئەکەم کە ئەویش ئەرکی تەواوی کێشا لەگەڵ ئەم کتێبەدا.

# پێرست

دیسان بارانە ........................................................................ ٥
پیاو کوژ ............................................................................ ١٠
راڤە ................................................................................ ١٤
دووریان ............................................................................ ١٦
نامەیەک بەرەنگی (با) ............................................................ ٢٠
پیر ئەبین، کەسەکەم ............................................................. ٢٤
خەونەکەت بۆ باس نەکردین ..................................................... ٢٨
لە ئاوابوونێکەوە بۆ ئاوابونێکی تر ............................................... ٣٢
پیاوێ ..... ........................................................................... ٣٨
سوری ژیان ......................................................................... ٤٢
کامێرای شاراوە .................................................................... ٤٧
لێو ................................................................................... ٥٠
تالآنمان کەن ........................................................................ ٥٤
مانیفێستی دڵرەقی ................................................................ ٥٧
لەگەڵتادێمەوە هاورێ ............................................................ ٦١
خانەی ئومێدە خەیاڵ ............................................................ ٦٦
بەرمۆدای ... نیگەرانی ترس بێهودەیی ....................................... ٧٠
خۆ (نە) کوشتن .................................................................... ٧٤
مارشی چەقۆ! ...................................................................... ٨٠
فرین بەدەم حەسرەتەوە .......................................................... ٨٢
جەنگ کوتایی دێ ................................................................... ٨٦
من، ئاوا شێت ئەبم! ............................................................... ٩١
ئیجە .................................................................................. ٩٦